# ئافرەتانی فەرمانبەر چۆن بەسەر ک

**بێگومان ئافرەتانی فەرمانبەر زیاتر لە ئافرەتانی ماڵەوە ئەرک و بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە سەرشان، ئەوان ئەرکی ماڵەوەو فەرمانگەشیان لەئەستۆدایەو هەر ئەوەش وادەکات زۆرجار ڕووبەڕووی کێشەوگرفتی جیاواز ببنەوە. زۆربەی**

فەرمانبەرێکی حکوومی:

**زۆربەی خێزانەکانی ئێمە هەڵگری کەلتووری خێڵەکین و لەگەڵ کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵدا نین**

### منداڵی کەم، زۆربەی گرفتەکان چارەسەر دەکات

«کاتێك ئافرەتێکی فەرمانبەر شوو دەکات، گرنگە پیاوێك هەڵبژێرێت کە باوەڕی بەماف و هاوکاریی ئافرەت هەبێت، پێویستە تاڕادەیەك ڕۆشنبیر بێت، چونکە ئەگەر پیاو یارمەتی هاوسەرەکەی بدات، زۆر کاتی بۆ دەگێڕێتەوە». ئەوە دەستپێکی قسەکانی سەناریا کەریم بوو. ئەو فەرمانبەرە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییە و رایوایە «ژن و مێردی کارمەند و خاوەن وەزیفە، دەبێت منداڵی کەم بخەنەوە، یان منداڵەکانیان یەك لە دوای یەك نەبێت، بۆ ئەوەی منداڵی زۆر نەبێتە هۆی ڕێگری لە پرۆسەی ژیانی کارکردنی رۆژانەیان»، سەناریا جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «زۆر گرنگە هەردوو هاوسەر بەپێی پێویست بەشداری ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان بکەن»، بە پێویستیشی دەزانێت کە هاوسەران کەسوکار و دۆستانی خۆیان تێبگەیەنن، لەوەی کە ئافرەتی فەرمانبەر وەك ژنی ماڵەوە نییە و کاتی زۆر کەمە، بۆیە پێویستە ئەرکی کەمتر بخەنە سەر شانی».

### کۆمەڵگە لە بەردەم کارکردنی خانمان ئاستەنگ دروست دەکات

دوین دلێر فەرمانبەر لەوەزارەتی کارەبا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەرکی سەرشانی ئافرەتانی فەرمانبەر زۆر گرانە، چونکە ئافرەتان لەماڵەوە هاوسەرو دایکن، لەفەرمانگەش خزمەت بە کۆمەڵگەکەیان دەکەن. ئەو خانمە لەوەش نیگەرانە کە کۆمەڵگە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە بەردەم کارکردنی خانماندا ئاستەنگ دروست دەکات، سەبارەت بە هۆکاری ئەو بۆچوونەشی گوتی « زۆربەی خێزانەکانی ئێمە هەڵگری کەلتووری خێڵەکین و بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ کارکردنی ئافرەتدا نین لە دەرەوەی ماڵ».

دواتر سۆلین کەریم لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، بەپێویستی دەزانێت کە «حکومەت بەرنامەی تایبەتی بۆ هۆشیارکردنەوەی فەرمانبەران هەبێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەك ژیانیان بگونجێنن کە نەکەونە ژێر فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە». بە بڕوای سۆلین زۆر بوونی دەوامی ڕۆژانەی فەرمانگەکان گرفتی کۆمەڵایەتی و گوشاری دەروونی لەسەر ژیانی ئافرەتی کارمەند دروست دەکات، «ئافرەتی فەرمانبەر لەگشت چینەکانی دیکەی ئافرەتان ماندووترن و فشاری زۆریان لەسەرە و ژیانیان زەحمەتە، بۆ نموونە دەوامی فەرمانگەکانی دیکە زۆرترە لە دەوامی قوتابخانەکان زیاترە، لەبەر ئەوە زۆربەی ئافرەتانی فەرمانبەر ناتوانن هاوسەنگی لە نێوان ماڵەوەو فەرمانگەدا ڕابگرن .

### کۆمەڵگە زۆربەی کارەکان بۆ ئافرەت سنووردار دەکات

چنار عەلی فەرمانبەر لەوەزارەتی گواستنەوە، باس لەوە دەکات کە دابونەریتی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان ڕووبەڕووی گرفتی جۆراوجۆر دەکاتەوە، چونکە «کۆمەڵگە زۆربەی کارەکان بۆ ئافرەت سنووردار دەکات»، چنار بەگرنگی دەزانێت فەرمانبەری ئافرەت لەکاتی هەڵبژاردنی هاوسەردا هەندێك خاڵ ڕەچاوبکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی و کار و پیشەکەیدا بگونجێت، بۆیە دەڵێت «زۆربەی ئافرەتانی فەرمانبەر ڕووبەڕووی زۆر گرفتی جیاوازی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بۆیە بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە فەرمانبەرن پێویستە هاوسەرەکانیان لێیان تێبگەن».

### قسەو قسەڵۆك لەسەر ئافرەتی سەرکەوتوو

ژیلیا حەسەنی فەرمانبەر لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆرجار ئافرەتانی سەرکەوتوو ڕووبەڕووی بوختان دەبنەوە، ئەو نموونە بە خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت :من خۆم لەیەکێك لە وەزارەتەکاندا ماوەی شەش مانگ سکرتێرەی بەڕێوەبەرێکی گشتی بووم، لەو ماوە کەمەدا توانیم زۆرترین خزمەت بە دەزگاکەو هاووڵاتیان بکەم، توانیم وەك ئافرەتێك گوزارشت لەهێز و ئیرادەی خۆم و سەرجەم ئافرەتەکان بکەم، بەڵام ئەوەندە قسەی نادروستم بۆ هەڵبەستراو بوختانی ناشیرینم بۆ کرا، تاکار گەیشتە ئەوەی کێشەم لەناو خێزانەکەشم بۆ دروستبوو، خەریکبوو ڕووبەڕووی تەڵاق ببمەوە، ئیتر ناچار بووم واز لە کارەکەم بهێنم و تەنانەت خۆیشم بۆ وەزارەتێکی دیکە گواستەوە».

### ئافرەت دەتوانێت لەناو کەرتی تایبەتیشدا بوونی خۆی بسەلمێنێت

هەندێك لە ئافرەتان باس لەوە دەکەن کە کەرتی تایبەت دەرگایەکە بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن برەو بەتواناکانی خۆیان بدەن.

شایەن موحسین فەرمانبەر لەکۆمپانیای (میگرۆساج) ئاماژەی بەوەدا کە ئەو سەرەتا لەناو یەکێك لەفەرمانگە حکوومییەکاندا فەرمانبەر بووە، بەڵام دواتر وازی هێناوەو بڕیاری داوە بچێت بۆ کەرتی تایبەت، چونکە «کەرتی تایبەت تاڕاددەیەك بۆ ئافرەتان باشترە، بەشێکی زۆری سەرکەوتنیش لەم بوارەدا دەکەوێتە سەر تواناکانی خۆی، دەتوانم بڵێم کە ئیرادەی ئافرەتان لەناو فەرمانگە حکومییەکاندا بە تەواوی سڕکراوەو زیاتر ئافرەت فشاری کۆمەڵایەتی و دەروونییان لەسەرە، بەڵام تاڕاددەیەك کەرتی تایبەت باشترەو ئافرەت دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت».

### بەشێك لەئافرەتان حەزناکەن ئافرەتێکی سەرکەوتوو هەبێت

نیاز حەسەن بەپێچەوانەی شایەن، رایوایە «لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا چ لە فەرمانگەی حکوومی و چ لە کەرتی تایبەت، لەهەموو بوارەکاندا ئافرەت دەچەوسێتەوەو ناهێڵن هەوڵ و کۆششی خۆی بکات، بۆ ئەوەی کەسێکی سەرکەوتووبێت». گوتیشی :پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە لەڕووی دەروونییەوە حەز دەکەن ئافرەتان لەژێر کۆنترۆڵیاندا بێت، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن قبووڵی ئەوە بکەن، ژنێك بتوانێت لەڕووی ئیدارییەوە فەرمانیان پێبدات، بەداخەوە زۆر لە ئافرەتانیش حەزناکەن ئافرەتێکی سەرکەوتوو هەبێت لەناویاندا، لەبەر ئەوەی کە ئافرەتانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە جۆرە نەریتێکیان لەلا دروست بوو کە ببنە پاشکۆی پیاوان، واتە لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندا بن، کاتێك دەبینن ئافرەتێك لەوان سەکەوتووترە، یان توانای زیاتری هەیە و نەبۆتە پاشکۆیەکی مێردەکەی یان براکەی، یەکسەر هەوڵدەدەن تواناکانی کپ بکرێت و نەهێڵن سەرکەوتوو بێت.

توێژەری کۆمەڵایەتی رۆژان قادر لەسەنتەری چاودێریی خێزان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەتا ئەمرۆ رێگە بە ئافرەتان نەدراوە تواناکانی خۆیان دەربخەن و ئەگەر ئافرەتێك لەکارەکەیدا زۆر چالاك بێت، هەوڵی سەرکەوتن

کۆمەڵناسێک:

**ئافرەتی فەرمانبەر ئەگەر بەشێوەیەکی باش بەرنامەڕێژی بۆ ژیانی بکات، دەتوانێت سەرجەم کۆسپەکانی بەردەمی ببڕێت**

پەرلەمانتارێک:

**ئافرەتانی فەرمانبەر دەتوانن سوود لەو مافانە وەربگرن کە یاسا بۆی داناون و ئێمەش بەردەوام پرۆژەمان بۆیان هەیە**

# ـــــێشەوئاریشەکانی خۆیاندا زاڵ دەبن؟

**ئافرەتانـــی فەرمانبەریـــش ســـکاڵایان لەپیاوانـــی خێـــزان و فەرمانگەکانیـــان هەیـــە، بـــەوەی کە لە بـــەردەم ســـەرکەوتنەکانیان ڕێگری دەکەن. بەشـــداربووانی ئـــەم راپۆرتە ڕاوســـەرنجی خۆیان لەمـــەڕ ئەو ئاریشـــانە و چۆنییەتی چارەســـەرکردنیان دەخەنەڕوو.**

بدات و تواناخودییەکانی خۆی بەدەربخات، یەکســـەر لەلایەن پیاوەکانەوە هەزارو یەك بوختانی جۆراوجۆری بۆ دروست دەکرێت، هەزارەها قسەی نابەجێ و ناپەســـەندی لەسەر دەکەن». گوتیشی :جێگەی داخە ئەمڕۆ لەزۆربـــەی فەرمانگەکاندا ئافرەتان ناگەنـــە پلەیەکی بەرز، هەرچەندە تواناشیان هەبێت .

### توانجدان لە ئافرەتانی فەرمانبەر

ڕۆژان قـــادر ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کـــە هەندێك هاووڵاتی لەکاتی ســـەردانی فەرمانگەکان تیر و توانج لـــە ئافرەتانی فەرمانبەر دەگرن، ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر کاریگەریی خراپ دەخاتە سەر لایەنی دەروونی و هەستی ئەو ئافرەتە». ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە، جەختی لەوە کردەوە کە «ئەگەر ئافرەت بیرۆکەی باش و داهێنەرانەی ببێت و بەرنامەڕێژی بۆ ژیانی بەشێوەیەکی باش بکات، دەتوانێت سەرجەم کۆسپەکان ببرێت و کاریگەرییە خراپەکانیش لەسەر تەندروستی خۆی کەم دەکاتەوە».

### مۆڵەتی دایکایەتی مافی سەرەکیی ئافرەتی فەرمانبەرە

پەرلەمانتـــاران وەك نوێنەری خەڵـــك ئاماژە بەوە دەکـــەن کە ئافرەتان لە کوردســـتان توانیویانە هەنگاوی باش بهاوێـــژن و لەچەند بوارێکدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

گەشـــە دارا حەفید سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنـــان و ئافرەتان لـــە پەرلەمانی کوردســـتان، دەڵێت «ئافرەتی فەرمانبەر دەتوانێت ســـوود لەو مافانە وەر بگرێت کە یاسا بۆی داناوە، بۆ نموونە مۆڵەتی دایکایەتی بە مووچەی تەواو، یان بەبەشێکی مووچە مافێکی سروشتی ئافرەتانە، هەموو ئافرەتێکیش مافی خۆیەتی کە لەکاتی منداڵبووندا مۆڵەتی بە مووچەی هەبێت و ناکرێت ئافرەتی فەرمانبەر لەو مافە بێبەشبکرێت».

### لیژنەی ئافرەتان هەوڵدەدات مافەکانی ئافرەتان دەستەبەر بکات

گەشـــە دارا جەختی لەوەکردوە کە ئـــەوان وەك لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردســـتان هەمیشە لەهەوڵدان بۆ ئەوەی چ بەشـــێوەی یاسا بێت، یان بەداڕشتنی بەرنامەی گونجاو، بتوانن مافەکانی ئافرەتانی فەرمانبەر دەســـتەبەربکەن، گوتیشی:ئێمە وەك لیژنەی ژنان و ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردســـتان بەردەوام پڕۆژەی جوان و کاری گرنگ ئەنجـــام دەدەین بۆ ئەوەی کە بتوانین مافەکانی ئافرەتان دەســـتەبەر بکەین و بەردەوامیش سەردانیان دەکەین تا لە کێشەو گیروگرفتەکانیان بگەین».




# ئامار و ڕاپرسییەکان چ کاردانەوەیەکیان لەدەستەبەرکردنی مافەکاندا هەیە؟




ئامارەکان و ئەو ڕاپرسییانەی لەهەرێمی کوردستاندا دەکرێن، تا چ ڕادەیەک جێی متمانەن و تا چ ئاستێک کاردانەوەیەکیان لە دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە؟ ئایا دەکرێ دەرەنجامی ئەو ڕاپرسییانە ببێتە سەرچاوەی زانیاری و حکومەت و پەرلەمان سوودی لێوەربگرن بۆ ئەوەی بەدواداچوونی لەسەر بکەن و بتوانن بڕیاری پێویستی لەسەر بدەن؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.

گوڵان – کۆمەڵایەتی



پەرلەمانتار ئامینە زیکری:

## ئەگەر ڕاپرسی و ئامارەکان لەلایەن دەوڵەت یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەربچێت زیاتر پشتی پێدەبەسترێت

لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا، ئەنجامدانی ڕاپرسی بە کارێکی گرنگ و پێویست زانراوە، بەڵام هێشتا ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستاندا نەبووەتە کەلتوورو دامەزراوەکانی حکوومی و مەدەنیش پشتی پێ نابەستن. شارەزایانی ئەو بوارە هۆکارەکەی بۆ سیستمی سیاسیی رابردووی عێراق دەگەڕێننەوە، جەختیش لەوە دەکەن کە لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراقەوە تا هەنووکەش دەسەڵات بەردەوام ڕای خۆی سەپاندووە بەسەر رای گشتیداو هەرگیز پشتی بە ڕای گشتی نەبەستووە، بۆیە تا ئێستاش کاریگەرییەکانی بەسەر پێکهاتەکانی عێراق و دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا بە زەقی دیارە.

گەرچی هەرێمی کوردستان لە چەندساڵی رابردوودا کەم تا زۆر لەو بوارەدا کاری کردووە، بەڵام هێشتا پێوەرە زانستییەکانی ڕاپرسییەکان ڕەچاو نەکراون، بۆیە حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش ناتوانن پشتی پێ ببەستن، بەتایبەتی ئەو ڕاپرسی و ئامارانەش کە پەیوەندییان بە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتەوە هەیە، کە زۆر جار ڕێژەیەکی زۆری دەشاردرێنەوە.

مەهاباد قەرەداخی بەڕێوەبەری پەیمانگەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، لەدەسپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان ڕاپرسییەکی بەرفراوان دەکەن، لە ڕاپرسییەکانیش رای «نزیکەی ٥٠٠٠ کەس لە سەرانسەری کوردستان» وەردەگرن، گوتیشی :لەسەر بنەمای ئەو ڕاپرسییانە پێوەرێکمان بەدەستەوەیە لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە خەتەنەکردن و توندوتیژیی ناو خێزان، هەوڵمانداوە کارەکان هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستان لە هەموو چین و توێژەکان بگرێتەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانمان باوەڕپێکراون و بەدواداچوونیشیان بۆ کراوە.

### ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتەکان ورد نین

مەهاباد قەرەداخی رایوایە ئەو ئامارانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتەکان دەردەچن سوودی خۆیان هەیە، بەڵام ورد نین، هاوکات بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی بە نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت:ئەگەرچی ئەو ئامارانەی کە بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتەکان دەریدەکەن ورد نین، بەڵام ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی بە نموونە وەربگرین، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەو بوارەدا کار دەکەن، شوێنی فەرمی نین، خەڵکەکە زیاتر پشت بە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دەبەستن، بۆیە دەڵێم ئەو ئامارانە ورد نین، چونکە هەندێ حاڵەتی توندوتیژی ڕوودەدات، بێ ئەوەی لای

ئەوانیش تۆمار کرابێت، دیارە لێکۆڵینەوەی زانستی پێوەری زانستی خۆی هەیە، پێویستە سیمپڵمان هەبێت، تاوەکو ئەو سیمپڵانەش جۆراوجۆرتر بێت، باوەڕپێکراوتر دەبێت، ئەوەش وا دەکات لایەنی پەیوەندیدار بەدواداچوونی بۆ بکات، زۆر پرسی مافەکانی ئافرەت لەو ڕێگەیەوە وروژێندراون».

**هەندێ دەزگا ٢٠٠ فۆڕمێك لەسەر دیاردەیەك دابەشدەکەن ئەوە لەڕووی زانستییەوە ناکرێ پشتی پێ ببەستین**

کوردە عومەر بەڕێوەبەری گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بەوە دەکات کە «بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی ئامارەکانی سەرچاوەیەکی ڕاستی هەیەو لە وەزارەتی دادو وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندروستی و بنکەکانی پۆلیس زانیارییەکان وەردەگرێت»، گوتیشی «وێڕای ئەو سەرچاوانە ئەو حاڵەتانەش کە دێنە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، چ ئەوانەی سکاڵا تۆمار دەکەن، چ ئەوانەی جیادەبنەوە، چ ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن، هەموو ئەو زانیارییانە لە بەشی ئامار کۆدەکەینەوە، ئەو کەسانەش کە ئیشی تێدادەکەن چەندین خولیان لەسەر ئامار بینیوە، بەڵام هەندێ دەزگا لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان ڕاپرسی دەکەن، کە ٢٠٠ تا ٣٠٠ فۆڕم لەسەر دیاردەیەك بەسەر خەڵکی دابەشدەکەن، بەڵام ئەوە ناچێتە قاڵبی زانستییەوە بۆیە ناتوانین پشتی پێ ببەستین، ئەو کارانە ڕێوشوێنی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەداخەوە لەڕووی ئامارەوە لە کوردستاندا دەزگایەکی تایبەت بەم پرسە گرنگە نییە، کە بە شێوەیەکی فەرمی ئامار دەربخات».

**لایەن و دەزگەیەکی فەرمی و تایبەت بە ڕاپرسی لە کوردستاندا نییە**

پەرلەمانتار ئامینە زیکری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە مەسەلەی ڕاپرسی و ڕای گشتی ئەمڕۆکە لە جیهاندا بابەتێکی گرنگ و هەستیارە، بەتایبەتی سیاسەتمەداران گرنگی زۆری پێدەدەن، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە لە زانستی جڤاکناسی و دەروونناسی و ئابووریناسی و زۆر بواری دیکە ڕاپرسی دەکرێت، واتا لە یەك بابەتی زانستی دەرچووە، سەبارەت بە کوردستانیش دەڵێت «لە کوردستاندا ڕاپرسییەکان بەشێوەیەکی زانستییانە نەکراون، بۆیە نە لایەنە پەیوەندیدارەکان و نە پەرلەمانیش ناتوانن پشتی پێ ببەستن و بیکەنە بەرنامەی کاریان، پێموایە ئەو ئامارانە ئەگەر لەلایەن دەوڵەت یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەرچن زیاتر پشتیان پێدەبەسترێت، لەڕاستیدا جگە لەوانە ئەوانی دیکە لە پەرلەماندا جێی متمانە نین، لەبەر ئەوەی حکومەت لایەنێکی فەرمییە، ئەوەی ئەو دەریدەکات دەبێتە ئامارێکی فەرمی، وەك پەرلەمانتارێك دەڵێم بە شێوەیەکی گشتی جیهەتێکی فەرمی و تایبەت بە ڕاپرسی لە کوردستاندا نییە، لەکاتێکدا مەسەلەی ڕاپرسی مەسەلەیەکی زۆر زانستییانەیە، بەڵام لە کوردستان دوور لە شێوازە زانستییەکەی ئەنجامدەدرێت بۆیە مسداقیەتی نییە».

**زۆربەیان کەسانی ناپرۆفیشناڵن و ئەزموونیان لە بواری ژمارە و داتا نییە**

عەلی کەریم سەرۆکی ئەنیستیتۆتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ، تیشك دەخاتە سەر سێ سەرچاوەی زانیاری و بەپێویستی دەزانێت ئەو سێ سەرچاوەیە لە یەك جیابکرێتەوە «ژمارە، ڕاپرسی، خەمڵاندن و وێناکردن، ڕاپرسی کە بە توێژینەوەی مەیدانی ئەنجامەکەمان دەست دەکەوێت، ئەگەر پێوانە ی تایبەتی خۆیانیان تێدا بێت، دەکرێ وەکو ڕاپرسی پشتیان پێ ببەسترێت، هەروەها ئەو ئامارانەی لە دامودەزگاکانی حکومەت دەردەچن، دیسان کۆمەڵێك پێوانە هەن ئەگەر تێیدابێت، دەکرێ وەکو سەرچاوەی زانیاری پشتیان پێ ببەسترێت، خەمڵاندن و وێناکردن، یان کۆمەڵێ زانیاریی کۆن تێکەڵ دەکرێت بۆئەوەی شتێکی نوێی لێدەربچێت، زیاتر قوتابی ماستەر و دکتۆرا، یان توێژەرەکان ئەوە دەکەن»، گوتیشی :بەڕای من ئەوانەی لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێن بە هەر سێ جۆرییەوە، زۆربەی هەرە زۆریان بە کەڵکی ئەوە نایەن وەکو زانیاری پشتیان پێ ببەسترێت.

هۆکاری ئەو بۆچوونەشی لەم چەند خاڵەدا دەستنیشان کرد:

١- لەبەرئەوەی زۆربەی هەرەزۆریان ئایدیۆلۆژین و پێشوەختە بڕیاری لەسەر دەدرێت، کەسانێك لە بەرژەوەندیی حزب یان ئایدۆلۆژیا یان بەرژەوەندیی فکریی خۆی ملی ژمارەکان بادەدات، ئەگەر ئەو کەسە لایەنگری دەسەڵات یان لایەنگری گروپێکی دیاریکراو بێت، ئەوا ژمارەکان کەمدەکاتەوە و وانیشاندەدات کە ڕەوشەکە زۆرباشەو ڕاستییەکان دەشێوێنێت، بەڵام ئەگەر دژە دەسەڵات، یان لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بێت، بە مەبەستی پێکانی ئامانجەکەی ئەمجارە ملی ژمارەکە بەپێچەوانەوە بادەدەن و گەورەی دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر ٢٠ حاڵەتی کوشتنمان هەبێت، دەیکەنە دوو ئەوەندە.

٢- لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن، کەسانی ناپرۆفیشناڵن هەم بڕوانامەی ئەکادیمیان نییە هەم ئەزموونیان لە بواری ژمارە و داتا نییە.

٣ - ئێمە چەند گرنگە ژمارەمان هەبێت، ئەوەندەش گرنگە دیکۆمێنتمان هەبێت، بۆیە هەر ژمارەیەك دیکۆمێنتی لەگەڵ نەبێت، بە کەڵك نایەت و ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت.

٤ _ ئەو دەزگایانەی کە ئەو کارانە دەکەن، زۆرینەی کەسەکان ئەو کارە ئیشی چوارەم و پێنجەمیانە، واتا ژمارە کۆکردنەوە و ژمارە دان بە خەڵکی ئیشی ئەوان نییە. ئەو خاڵانە وادەکەن کە ژمارەکان ورد نەبن، بۆیە ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێت».

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆ ئەوەی ئەنجامێکی دروستمان لە ڕاپرسی و ئامارەکان هەبێت، دەبێت چ بکرێ؟ عەلی کەریم گوتی :زۆر گرنگە ئەو ئامار و داتا و ڕاپرسین و دەرەنجامی ڕاپرسییەکان بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ ئەنجام درابێت و بنەمای زانستی تێدابێت و لەڕووی ئەخلاقییەوە لایەنی ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی و دەستکاری نەکردن و پابەندبوونی یاسایی واتا بەڵگەنامەی یاسایی هەبێت، جگە لەوە پێویستە دەزگای تایبەتمەند هەبێت، هەروەها لە کاتی خستنەڕووی ژمارە، پێویستە ڕوونکردنەوە هەبێت لەسەر سەرچاوەی کۆکردنەوەی ئەو ژمارانەی کە دەخرێنەڕوو».

**لە هەموو دنیادا دەرەنجامی ڕاپرسی ١٠٠٪ تەواو نییە**

عەدنان ئەنوەربەگ، سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ڕاپرسی لە هەموو دنیادا دەرەنجامەکەی سەد لە سەد تەواو نییە، مەگەر کە ڕاپرسییەك لە شوێنێکی دیاریکراو دەکرێت سەرجەم دانیشتوانی ئەو شوێنە بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە تێیدا بەشدار بن، ئەوکات دەکرێت وەکو سەرچاوەی زانیاری پشتی پێ ببەسترێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر بێتو بەشێك بەشدار بن و بەشەکەی دیکە بەشدار نەبن، ئەوە ڕێژەکەی سنووردار دەبێت، بەڕای من ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ ڕاپرسییەکی تەندروست هەبن، ئەوا لە کوردستان ڕەچاو ناکرێن، تەنانەت زۆرجار خستنەڕووی دەرەنجامی ڕاپرسی ئامانجێکی شاراوەی لەپشتە و بەوشێوەیە دەخرێتەڕوو کە خۆیان دیانەوێت، سەبارەت بە وەزارەتەکانیش ئەگەر کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەم بوارەدا ئەرکەکە لەئەستۆنەبگرن ئەوا دیسان ناکرێت پشت بەم داتاو ژمارانە ببەسترێت کە دەخرێتە بەردەست هاووڵاتییەوە.



مەهاباد قەرەداخی:

**ئەنجامی ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەکانمان باوەڕپێکراون و بەدواداچوونیشیان بۆ کراوە**



عەلی کەریم:

**ڕاپرسییەکان زۆربەیان ئایدیۆلۆژین و پێشوەختە بڕیاری لەسەر دەدرێت**



کوردە عومەر:

**بەداخەوە لەڕووی ئامارەوە لە کوردستاندا دەزگایەکی تایبەت بەم پرسە گرنگە نییە**

# نەبوونی ڕاوێژکاری خێزانی



دەروونناسێک:

**لەو وڵاتانەی ڕاوێژکاری خێزانی نییە، ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران و تێکچوونی بناغەی خێزانی زیاترە**

**بایەخی ڕاوێژکاری تایبەت بۆ خێزان**

ڕۆژنامەنووس سروە هەورامی ڕایوایە بوونی پزیشکی ڕاوێژکاری خێزانی لەم قۆناغەی ئێستادا گرنگەو سوودێکی زۆر گەورە بە لایەنی تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت، گوتیشی «بە ڕای من کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو خێزانێك ڕاوێژکارێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەتێکی نامۆی تەندروستی و دەروونی سەردانی بکات، بۆ نموونە جاری وا هەیە کێشەیەکی زۆر بچووك هەیە، واتە ناکۆکییەك هەیە لەنێوان دوو هاوسەر، بەڵام نازانن چۆن چارەسەری بکەن، بەڵام ڕاوێژکارێکی خێزانی بە ئاسانی چارەسەری دەکات.

**دانانی سەنتەر بۆ ڕاوێژکاری خێزانی**

توێژەری کۆمەڵایەتی ئالان لەشکری، سەبارەت بە هەمان پرس جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەر وڵاتێك بۆ ماوەیەکی درێژ ڕووبەڕووی شەڕی دەرەکی یان ناوخۆ بووبێتەوە، باری دەروونی تاکەکانی لە مەترسی بەردەوامدایە و پێویستی بە چاودێری زیاتر هەیە. گوتیشی: هەر وڵاتێك زیاتر تووشی شەڕ بووبێت، تاکەکانی توندوتیژترن و زیاتریان پێویستیان بە ڕاوێژی پزیشکی و دەروونی دەبێت». پێشنیاری ئەوەشی کرد کە «حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کردنەوەی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی کاری بە پەلە بکات».

لەشکری لەدیوێکی دیکەی قسەکانیدا جەختی لەگرنگی ئەم دۆسیە کردەوەو گوتی: لە وڵاتێکی پێشکەوتوو، یان دواکەوتوو، پزیشکی ڕاوێژکاری خێزانی پێداویستییەکی تاکەکانی کۆمەڵگەن

و هەر ئەوانیش ڕۆڵی گەورەیان لە پاراستنی شیرازەی خێزان و پاراستنی باری تەندروستی و دەروونی تاك هەیە.

**سیستمێکی درێژخایەن بۆ پڕۆژەکە**

جەمیلە ڕەحیم چالاکوانی بواری مافەکانی مرۆڤەو لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە. ئەو چالاکوانە هێما بۆ ئەوە دەکات کە نەبوونی ڕاوێژکاری خێزانی لە کوردستان، کەلێنێکی گەورەی بەتایبەتی لە ژیانی هاوسەرانی گەنجدا دروست کردووە. هاوکات جەختی لەوەش کردەوە کە ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی لەو جۆرە ماوەیەکی زۆری دەوێت و پێویستی بەسیستەمێکی درێژخایەن هەیە، گوتیشی «ئەو بابەتەم زۆر بەلاوە گرنگە، پێشم باشە کە قسەی زۆری لەسەر بکرێت، چونکە زۆر گرنگەو قسە و باسی دوور و درێژ هەڵدەگرێت و ڕەنگە وا بە کورتی شتێکی ئەوتۆ بە دەستەوە نەدات. بەهەر حاڵ من پێموایە دابینکردنی وەها سیستەمێك خۆی پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی سیستماتیك هەیە، بەڵام لای ئێمە بەداخەوە سەرتاپای سیستمی پزیشکی و ڕوانگەی دەسەڵات و دکتورەکانیش دوواکەوتووانەیە.

**لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا کێشەی دەروونی و خێزانیش زیاترە**

ئەو چالاکوانە، گرنگیدان بە ناوەندەکانی چارەسەری دەروونی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا بە کارێکی زۆر پێویست هەژمار کردو گوتی «بوونی ناوەندەکانی دەروونی و خێزانی لە دنیای ئەمڕۆدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری خێزان و تاکەو دەبێ کاری بۆ بکرێ. بەتایبەتی کە کێشەی خێزانی زۆر مەترسیدارەو دەبێت بەپەلە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە». گوتیشی «لەو کۆمەڵگەیانەی کە دواکەوتوو و پیاوسالاری و هەروەها بێسەوادی و نەخوێندەواری زاڵە، کێشەی دەروونی و خێزانیش زیاترە و کۆمەڵگەش تووشی نەخۆشی و دارمان دەبێت، هەر بۆیە دەبێ کاری زیاتری کەلتووری لەم پێوەندییەدا بکرێ .

**ڕاوێژکاری خێزانی پێگە و ڕۆڵی خێزان پتەوتر دەکات**

سکرتێری ڕۆژنامەنووسانی مێینە لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (چیمەن کانیکی)، ڕایوایە ئەنجامدانی پڕۆژەی دامەزراندنی ڕاوێژکاری خێزانی لە کوردستان سوودی زۆری بۆ هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە هەیە و پێگە و ڕۆڵی خێزان

لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، هەر خێزانێک پزیشک و ڕاوێژکاری خۆیان هەیە، زۆرجاریش لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەو گرفتێک و لەکاتی دروستبوونی ناکۆکییەکی ئاڵۆز بەتایبەت لە نێوان هاوسەرانی گەنجدا، پەنا بۆ ئەو ڕاوێژکارە خێزانییانە دەبەن و ئەوانیش فریایان دەکەون و بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی خۆیان شیرازەی خێزانییان پتەوتر دەکەن و لە هەرەسهێنانی ئەو ژیانە هاوبەشە ڕێگری دەکەن. لە کوردستانیش نەبوونی ڕاوێژکاری خێزانی، کەلێنێکی گەورەی بەتایبەتی لە ژیانی هاوسەرانی گەنجدا دروست کردووە. پزیشکی دەروونناس و ڕاوێژکاری خێزانی و تایبەتکردنیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانی، یەکێکە لە سیما جوانەکانی کۆمەڵگە کە خێزانی وڵاتە پێشکەوتووەکان لەخێزانی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان جیادەکاتەوە. جگە لە وڵاتە دواکەوتووەکان، تەنانەت لە هەندێک وڵاتی تازەپێگەیشتووشدا ڕاوێژکارانی خێزانی بوونیان نییە و هەر لەو وڵاتانەشدا ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران و تێکچوونی شیرازەی خێزانی زیاترە. بۆیە زۆربەی کۆمەڵناس و دەروونناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بوونی پزیشکێکی تایبەتمەند بەخێزان بۆ باری تەندروستی و پزیشکێکی دەروونناسیش بۆ ڕاوێژی خێزانی و پاراستنی باری دەروونی ئەندامانی خێزان زۆر پێویستە.بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم بابەتە، بەپێویستمان زانی گوڵان بکەینە میوانی هاووڵاتییان و ڕای چەندین کەسایەتی وەربگرین.

# و بۆشاییەک لە ژیانی هاوسەرانی گەنجدا

پتەوتر دەکات. هاوکات گوتی «بێگومان بوونی سەنتەری تایبەت بە ڕاوێژکاری خێزانی ڕۆحیەتی خێزان پتەوتر دەکات، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت، کە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە ئێستا لە کوردستان زۆر زەحمەتە، چونکە دەبێت لەسفرەوە دەست پێبکەین و لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و بەرە بەرە منداڵەکانمان لەو ڕاوێژکردنە ڕابێنین.

### بیر لەچارەسەری ڕیشەیی کێشەکان نەکراوەتەوە

شنۆ محەممەد نووسەر و چالاکوانی بواری ئافرەتان، ئەویش وەك هەموو بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕاوێژکاری خێزانی و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەناو خێزاندا ڕۆڵی گرنگی لە پاراستنی شیرازەی خێزانی و باری دەروونی تاکدا هەیە. «بێگومان نەبوونی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و ڕاوێژکاری خێزانی یەکێکە لە هۆکارەکانی زۆربوونی گرفتەکانی نێوان هاوسەران و هەر لەبەر ئەوەش زۆرترین جیابوونەوە ڕوودەدات، چونکە کە لەخێزانێکدا کێشەیەك دروست دەبێت، کەسێکی ژیر و پسپۆڕ نییە کە پەنای بۆ ببەن و کێشەکانیان چارەسەر بکات، ئەگەر بیریش لەچارەسەر کرابێتەوە، کێشەکان بە ڕێگەی عەشایری چارەسەرکراوە، ئەوانیش هیچ کات بیریان لەچارەسەری ڕیشەیی کێشەکان نەکردۆتەوە، واتە بەشێوەیەکی زانستی کێشەکانیان چارەسەر نەکردووە، هەر ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە هەمیشە خێزانەکان دووبارە تووشی کێشە بوونەتەوە»، .

بەڕێوەبەری بنکەی ڕێنمایی دەروونی لەهەولێر (جاسم تەها قادر)، وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، ئاماژە بەوە دەکات کە لە کۆمەڵگەی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لایەنی دەروونی پشتگوێ خراوەو تەنیا گرنگی بەلایەنی تەندورستی دراوە، گوتیشی «لایەنی دەروونی یەکێکە لەلایەنە هەرە گرنگەکانی ژیانی ئادەمیزاد، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە بەداخەوە پشتگوێی خستووەو بەهیچ شێوەیەك گرنگی بەو لایەنە نادات، کەچی زۆربەی گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە کێشە و نەخۆشی دەروونییە، نەك پزیشکی، بەڵام کەس گوێ بەو لایەنە نادات، ئەوەتا دەبینین هەموو خەڵك بۆ چارەسەری کێشەکانیان سەردانی پزیشك دەکەن، بەڵام گەر داوایان لێبکرێ سەردانی ڕاوێژکارێکی دەروونی، یان خێزانی و کۆمەڵایەتی، یان پزیشکێکی دەروونناس بکەن زیز دەبن، چونکە نازانن ڕۆڵی راوێژکاری دەروونی زۆر گرنگە لەچارەسەری کێشەکان، زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانیش لەبنچینەدا کێشەی کۆمەڵایەتین و دواتر دەبنە قەیرانی دەروونی، لەبەر ئەوەی کەس ناچێت سەردانی راوێژکاری دەروونی بکات، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکە قووڵ دەبێتەوە».

### پێویستە چەندین بنکەی ڕێنمایی بکرێنەوەو هانی خەڵك بدرێ سەردانیان بکەن

بەڕێوبەری بنکەی ڕێنمایی دەروونی لەهەولێر، بە گرنگی دەزانێت تاك لەو بوارەدا هۆشیاری دەروونی هەبێت و دەڵێت «بە ڕای من دانانی سیستەمێکی فراوان بۆ ڕاوێژکاری دەروونی لەکۆمەڵگەدا پێویستی بە ئیشی زۆرەو سەرەتا قورسە، بەڵام دواتر سەرکەوتوو دەبێت و ئامانجی خۆی دەپێکێت، ئەگەر چەندین بنکەی ڕێنمایی دەروونی بکرێتەوە، یان چەندین سەنتەری جۆراوجۆری دەروونی بۆ هاووڵاتیان کراوە بێت و هانی خەڵکی بدرێت، سەردانیان بکەن، یان وەك وڵاتانی ئەوروپا هەر خێزانێك راوێژکارێکی دەروونی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، ئەمانە هەمووی هۆکار دەبن بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی خێزانی و تەنانەت کەمکردنەوەی نەخۆشییەکانیش». ئەو بەڕێوەبەرە نموونەی بەوە هێناوە کە «ئەگەر سەردانی شەقامی پزیشکان یان هەر نەخۆشخانەیەك بکەین، دەبینین زۆر جەنجاڵە، بەڵام گەر لە نەخۆشییەکانیان وردبینەوە، دەبینین بەشێکی زۆریان بەهۆی کێشەی دەروونییەوە تووشی نەخۆشی هاتوون.

سکرتێری ڕۆژنامەنووسانی مێینە:

**دەبێت لەسفرەوە دەست پێبکەین و لە قوتابخانەکانی سەرەتاییەوە منداڵەکانمان لەو ڕاوێژکردنە ڕابێنین**